# بناخەکانی عیلمی سیاسەت

## بەشی دووهەم

**نووسینی عەبدولرەحمان عالم**

**وەرگێڕ: ب ـ پەژار**

نووسەران بیرمەندانی مێژووی رابردوو، وەك ئەرەستوو ، یلینك، هێنری سجۆیك و پۆل ژانت، ووشەی سیاسەت یان لە (عیلمی سیاسەت) پێ باشتر بووە. ژمارەیێك لە لێکۆڵەرەوانی ئەم سەردەمە گومانیان هەیە لەوەی کە ئایا دەکرێ دیاردە سیاسیەکان بە شێوەی عیلمێکی دقیق هەڵسەنگاندنی لە سەر بکرێ یا نا، و لە ئاکامدا لە عیلمی بوونی سیاسەت گومانیان بووە. بەڵام زۆربەیان پێ یان باشە کە لێکۆڵینەوە و خوێندنەوەی سیاسی دەبێ لە ئاکامی رەوتی کردارە سیاسیەکانی جیاواز و جۆراوجۆر بێ. ژمارێیێك لەو لێکۆڵەرەوان باوەریان وایە بە جیا کردنەوەی سیاسەتی رادەربڕین(سیاسەتی نەزەری) لە سیاسەتی کردەوەیی و کارپێکردن، دەکرێ ئەو کارە ئەنجام بدرێ.

بەڵام کارێکی لەو شێوە دەبێتە هۆی سەرلێشێواوی. عیلمی سیاسەت نە تەنیا جیاواز لە رێوشوین و بنەماکانی پەیوند بە (رێکخراوە) سیاسیەکان و کردەوە سیاسیەکان هەڵدەسەنگێنێ، بەڵکو لێکۆڵینەوە و هەڵسورانی لایەن و دەستە و ناوەندە جیاجیاکانیش کە لە هەوڵی وەدستهێنان، یا زیاد بوون و پارێزگاری لە دەسەڵات و جەماوەری بونیانن دەکا. بە ووتەیێکی دیکە، عیلمی سیاسەت لایەنە رادەربڕینەکان و کردەوە و دیاردە سیاسیەکاندەخاتە بەر لێکۆڵینەوە و بەراورد کردن.

ئەو تێبینیە لێکۆڵەرەوانی وەك پۆلاك،ی هانداوە خودی عیلمی سیاسەت دابەش بکا بە سیاسەتی نەزەری و سیاسەتی کردەوەیی، گتل، زانایێکی دیکە (عیلمی سیاسەتی نەزەری) لە ژێر کاریگەری دابەش کردنی عیلمی سیاسەت دەناسێنێ. بەو پێیە دیاری کردنی دەست نیشانکردنی بابەتی جێگەی باس لە ژێر ناوی (سیاسەتی نەزەری) لە گەڵ ئەوەی گرینگە، لە هەمان کاتدا دەبێتە هۆی شێواوی لە بیرو ئەندیشەدا.

ژماەیێك لە لێکۆڵەرەوە فەرانسەییەکان باوەریان وایە کە زانستی سیاسەت لە نەوع بە شێوەی تاك، بوونی نیە. تێکڕای زانستە کۆمەڵاتیەکان کە پێوەندی بە کارو باری کۆمەڵگای سازماندراوی مرۆڤایەتیەوە هەیە، بە زانستی سیاسەت دەناسێندرێن و عیلمی سیاسەتیش یەکێکە لەوان. بە پێی ئەو بۆچوونە، عیلمی سیاسەت، کۆمەڵناسی، ئابوری، ئەخلاق و هاوشێوەی ئەوان بە تێکڕا (زانستی سیاسین) و ئەو زانستە نەك نزیکیان بە یەکەوە هەیە بەڵکو پێکەوە گرێدراون.

لەو بۆچوونەدا سەرچاوەیێک لە راستی وجوودی هەیە. لە راستیدا کارەکانی پێوەند بە مرۆڤ تایبەت ناکرێن. لێکدانەوەکان لە ژیانی کۆمەڵی مرۆڤایەتی دەبێ بە باشی رێکبخرێن تا لە مەسەلەکانی کۆمەڵگا باشتر تێبگەن بەڵام ئەو کارە ناتوانێ ببێتە هۆی رێگرتن لەوەی کە زانستی کۆمەڵایەتی سەربەخۆ بێ و نەمێنێ، لایەنگری زۆر لە جیاتی زانستی کۆمەڵایەتی بۆ تایبەتمەند کردنی لێکۆڵینەوە لێ یان وجودی هەیە. ئێستا ئەوە زاندرا، کە دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بە رادەیێك جیاجیا و ئاڵۆزن کە هۆشوبیری هەر تاکێك ناتوانێ تێکڕایان لە خۆ بگرێ. بەو پێیە لە چوار چێوەی (زانستی کۆمەڵایەتی) دەتواندرێ، (عیلمی سیاسەت) ناو بەرین، بەڵام دروست نیە کە تێکڕای زانستی کۆمەڵایەتی بە زانستی سیاسی بناسێنین، ئەگەر چی نابێ لە بیرمان بچێ هیچ شتێك لە سیاسەت پەراوێز ناخرێ.

### ٢ـ پێناسە کردنی عیلمی سیاسەت

زانستی سیاسی کاری شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی لایەنە سیاسی و دیاردە کۆمەڵایەتیەکان دەخاتە ژێر چاودێریەوە. شیکردنەوەی سیاسی یارمەتی مرۆڤ دەدا کە ئەوجیهانەی تیایدا دەژی باشتر بناسێ و لە نێوان بەش و لایەنە جیاجیاکانی بەردەمی باشترینیان هەڵبژیرێ و لە ئاکامدا سەرکەوتوویی بە سەر ئەو ئاڵوگۆڕە بچوك و گەورانەدا کە هەر کامیان یەکێکن لە لایەنە جیا نەکراوەکانی ژیان هەبێ. ناوەندی شیکردنەوە و لێکدانەوەی عیلمی سیاسەت (دەوڵەت/state )ە. بۆچوونی ژمارەیێکی دیکە ئەوەیە: عیلمی سیاسەت لە گەڵ حکومەت/gover nment پێوەندی هەیە.

دەستەی سێهەم تێکەڵ بوونێك لەو دوو بۆچوونەیان بەلاوە پەسەندە، وەك پۆل ژانت بیرمەند و لێکۆڵەرەوەی فەرانسەیی، کە دەڵێ عیلمی سیاسەت ئەو بەشە لە زانستی کۆمەڵایەتیە کە لە بارەی بناخەکانی دەوڵەت و رێوشوێنەکانی حکومەت، لێکدانەوە و باس دەکا. بە پێی بۆچوونی کۆن، زیاتر ئەوە گوتراوە کە بەراورد کردنی دەوڵەت حکومەتیش دگرێتەوە، چونکە دەوڵەت بە پێی مەبەستە عیلمیەکان لە رێگەی ناوەندەکانی حکومەت کار دەکا. هارۆلد لاسکی گوتویە، بە پێی ئامانجەکانی بەرێوەبەری عیلمیانەی کارەکان، دەوڵەت هەر هەمان حکومەتە. بەڵام لە چەند لایەنەوە، ووشەی حکومەت بەربلاوترە. (حکومەت) ئەگەر بە مەعنا بەرینەکەی بەکار بهێندرێ، بە بیروئەندێشەی ریشەیی کۆنترۆڵ و پێ مل بوون پشت دەبەستێ، دیاردەیێك کە لە گەڵ کۆمەڵگای مرۆڤایەتی پەرەی سەندووە. بە بۆچوونی سجوێك، عیلمی سیاسەت، ئەو کۆمەڵگایانەی کە خاوەنی حکومەتن هەڵدەسەنگێنێ، واتە ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئەندامانی، لانیکەم لە مەسەلە دیارەکان کار بە فەرمانی ژمارەیێك لە کەس یا دەستەیێك کە بەشێك لەو کۆمەڵگایەن دەکەن. ئەو پێناسە کردنە زانستی سیاسی بەرینتر دەکا و لە دەوڵەتیش تێ دەپەرێ. مانای کۆنی زانستی سیاسی وەك زانستی هەڵسەنگاندنی دەوڵەت یان حکومەت ئیتر بە باش نازاندرێ. ئەو ناوەڕۆکە لە سەر روخسار پێدادەگرێ و لە سەر قانوون گەرایی یان ئاکامی ورودبوونەوەی زاهیری لە رادەبەدەر لە جێبەجێکردنی قانوونە و هەروەها رەوتی بەدوادا چوونەکان و ئاکامەکانی لە بەرچاو ناگرێ. ئێستا بە گشتیی ئەوە قەبووڵ کراوە کە عیلمی سیاسەت دەبێ هەڵسەنگاندنی رێکخراوە نارەسمیەکان، هەڵسوکەوتە سیاسیەکان لە کۆمەڵگا و پێك هاتەی رەسمی حکومەت و هێزە سیاسیە کاریگەرەکانیش لە خۆ بگرێ. یەکسان کردن و بەرانبەر کردنی عیلمی سیاسەت بە موتاڵا کردن و بەراورد کردنی دەوڵەتی نوێش کەوتە بەر رەخنە. ووشەی (دەوڵەت) تا پێش لە سەدەی پانزدەهەم بە شێوەی سیاسی بەکار نەدەهێندرا، کاتێك بە شێوەی سیاسی بە کار هێندرا، بەمانای (نوێ) پێناسە کرا. باس و پێناسە کردنی عیلمی سیاسەت بە بۆچوونی تایبەت بە دەوڵەت،بەو گومان و بیرکردنەوەی رەخنەگران ئەو ئاکامەی لێ دەکەوێتەوە کە دەوڵەت شکڵ و شێوەی کۆتایی(نەك ئینتقالی) رێکخرا و دامەزراوەی سیاسیە کە عیلمی سیاسەت لە گەڵێدا لە پەیوەندیدایە و تەنیا یەکەی سیاسیە کە ئاسودەیی و خۆشگوزەرانی مرۆڤ دابین دەکا.

بەو پێیە ئەومەیدانی زانستیەی کە عیلمی سیاسەت هەولێەتی لە خۆ بگرێ، لە دەوڵەت بەربلاوتر و زیاترە. کاتلین، پێی وایە (سیاسەت) هەڵسەنگاندن و بەراورد کردنی کۆمەڵگەی رێکخراو و سازماندراوی مرۆڤایەتیە و لە پێش هەر شتێکدا لایەنەکانی سیاسی ژیانی کۆمەڵگا موتالا دەکا و دەخوێنێتەوە. بە پێی بۆچوونی (برتران دوژوونال((سیاسەت) ئەو پەیوەندیە سیاسیەی کە هاوکات لە گەڵ کۆبوونەوەی مرۆڤەکان خولقاوە هەڵدەسەنگێنێ و بەراوردی دەکا. ئەو نەوعە بۆچوونانە مەیدانی عیلمی سیاسەت تا ئەو رادەیە بەربلاو دەکا کە هەموو شتەکان و دیاردەکان لە خۆ بگرێ کە پەیوەندی بە لایەنە سیاسیەکانی ژیانی کۆمەڵگاوە هەبێ. یا پێوەندیەکانی مرۆڤەکان لە گەڵ یەکتر بەراورد دەکا. بەڵام لە گەڵ لە بەرچاو گرتنی فێر بوونی عیلمی سیاسەت و توانایە نوێ کانی، دەبێ لە بەرامبەر ئەو ڕاڕاییە خۆڕاگری بکرێ و هەر شتێك کە پەیوند بە ژیانی مرۆڤ لە کۆمەڵگای سازماندراو هەیە، لە سیاسەتدا جێ نەکرێتەوە. لێکۆڵەرەوە و بیرمەندانی وەك هارۆلد لاسول، چارلز مریام، ماکس ولر، برتراندراسل، واتکیسن و هانس مورگنتا کە لە سەر توانایی سروشتیی سیاسەت پێ یان داگرتووە پێ یان وایە کە هێز و دەسەڵات، مانای بنەڕەتی سیاسەتە و تێکڕای لق و پۆپەکانی عیلمی سیاسەت بە یەکەوە پەیوەند دەدا. بۆ وێنە، لاسول لە پێناسە کردنی عیلمی سیاسەت گوتویە: عیلمی سیاسەت بە شێوەی ناوەند و دامەزراوەیێکی ئەزموونی بریتیە لە بەراورد کردن و موتالا کردنی شێوەی پێکهاتنی دەسەلات و بەشداریکردن تیایدا. هەروەها (کرداری سیاسی)کردەوەیە کە لە سەر بنەمای دەسەلات بەرێوە دەچێ. سیاسەت و عیلمی سیاسەت لە گەڵ دەسەلاتی مەوجود لە کۆمەڵگا بە لایەنی ناوەڕۆك، پێگە، مەیدانەکان و ئاکامەکان پەیوەندی هەیە.

ناوەندی سەرنجی زانایانی عیلمی سیاسەت روون و دیارە و بریتیە لە ناسینی خەباتێك کە لە رێگەی وەدەست هێنان یان پارێزگاری دەسەلات،یان کاریگەری و کارکردن بە سەر کەسانی تر، یان رێگە گرتن لە کردەوەکانیانە. هەروەها دەگوترێ سیاسەت (شتێکە) پێوەند بە دەسەلات، واتە پێوەند بە توانای بەرێوەبەران، کارگێڕیەکان و ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان بۆ هێشتنەوە یا ئاڵوگۆڕ لە کۆمەڵگا یا راگرتن یا ئاڵوگۆڕ پێك هێنان لە سنوور و ناوچە کۆمەڵاتیەکان یا داراییەکانیان، ناوەڕوکێك لە پێوەند بەو سەرچاوانەی کە ئەو توانا و هێزانەی کە جێبەجێ یان دەکەن و کاریگەری یان بە سەریاندا هەیە لە خۆ دەگرێ. سەرنج دان و پێداگرتن لە سەر دەسەلات، شێوەی دێرین و کۆنەکەی لە ناو دەبا و بەرەو لێکدانەوەی راستی رەوتی سیاسی چووە. پێناسەی پێوەندیدار بە دەسەلات لە زانستی سیاسیدا ئەو راستیەیە کە، هێزەکانی چاودێر کردنی شێوە و هەڵسوکەوتی دەوڵەت، هەروەك ئەو هێزانەن کە باقی دەستە و لایەن و رێکخراوەکانی وەك خانەوادە، یەکیەتی کرێکاری، تەعاونیەکان، (کە هەڵسوڕانیان زیاتر غەیرە سیاسیە) کار بکەن.

بەو پێ یە، بۆچوونەکانی پێوەند بە پێناسەکردن و شیکردنەوەی سیاسەت لە گەڵ دەسەلات لە زۆر لایەنەوە وەلامدەرەوە نیە. یەکەم ئەوەی، ئەو بۆچوونانە لە نێوان ناوەند و بەشە کۆمەڵایەتی و سیاسی دەسەلات جیاوازی دانانێ. پێوەندی دەسەلات کاریگەری کاتی (سیاسیە) و کە تا رادەییێك سازماندراوە و لە هەلومەرجێکدا سیاسیە کە کردەوەکانی رێکخراوەکان کە بە شێوەیەك مەشروعن لەیاسا دەرنەچن و جێ رێزی خەڵك بن. دووهەم سیاسەت خەباتکردن لە رێگەی دەسەلات ئەویش بە دوری کردن هەوڵە مەبەستدارەکانە. بەڵام سوور بوون لە سەر دەسەلات مەبەستەکان کە بە پێی ئەوان هێز بە کار دەهێندرێ و ناکۆکیەکان کە لە دەسەڵاتەوە سەرچاوە دەگرێ تووشی ناروونی دەکا. لەراستیدا، ئاکامی سیاسەت، گەیشتن بە رێوشوێنێکە، ئەویش سازان لە نێوان قازانجە دژ بە یەکەکان بە پێی قازانج و ئەو کەڵك و بایەخانەی کە هاوبەشن. دەیوید ایستون، پێ وایە سیاسەت لەگەڵ دابەشکردنی دروستی دەسەڵاتە بەکەڵکەکان، بە سەر کۆمەڵگادا پێوەندی هەیە.

بەو جۆرەش، گرینگرین هۆی دیاری کردن و جێبەجێ کردنی سیاسەت دەسەڵاتە و ناسینی ئەو کاری بنەڕەت و سەرەتای زانستی سیاسەتە. دەسەڵات کۆڵەکە و ناوەندی سیاسەت پێك دێنێ و تێکڕای بینە و بەردەکان لە ژیانی سیاسی پێوەندی بە دەسەڵاتەوەیە. نولی سیاسەت بەم شێوەی خوارەوە دەناسێنێ:

١ـ سیاسەت هونەری کەڵك وەرگرتن لە ئیمکاناتەکانە، بۆ هەڵسووراوانی سیاسی ناگونجێ بە تێکڕای مەبەستەکانیان بگەن. بۆیە دەبێ بەرزە فڕیەکان لە گەڵ هێز و توانایان رێك بکەن. هیچ کەس زیاتر لە هێز و ئیمکاناتەکانی خۆی ناتوانێ لە سیاسەتدا کاریگەری هەبێ و شوێنی دیار بێ.

٢ـ سیاسەت (حکومەت کردنە بە سەر مرۆڤەکاندا) کاتیا نو موسکا لە باسی چینی دەسەڵات و خاوەن توانا و حکومەت بە سەر مرۆڤەکان، لە پێوەندی بەو کەسانەی کە حکومەت دەکەن و کەسانێك کە حکومەتیان بە سەردادەکرێ، لە نێوان فەرماندەر و ژێر فەرماندار باس دەکا و بەڵگە دێنێتەوە کە ئەو ناوەندی پێوەندی ژیانی سیاسیە.

٣ـ سیاسەت، خەبات کردن بۆ گەیشتن بە دەسەڵاتە: گرینگرین پێناسەی سیاسەت لە ناو بیرمەندانی سیاسی ئەوەیە کە سیاسەت خەبات کردن بۆ دەسەڵات و کاریگەری دانان بە سەر کۆمەڵگادا دەزانن.

٤ـ سیاسەت واتە زانینی ئەوەی چ کەسێك دەیباتەوە، چی دەباتەوە،چ کاتێك دەیباتەوە، بە چە شێوەیێك دەیباتەوە و بۆ چی دەیباتەوە: ئەوە پێناسە کردنی هارولدلاسکی لە سیاسەتە کە لایەنی دروشم دانی تێدایە و بە ئاسانی دەتواندرێ لە بەر بکرێ. بەڵام دەبێ بزانین کە ئەو پێناسە کردنە، پێناسە کردنی (زانستی سیاسەتە) نەك خودی سیاسەت، چەنکە لە زانین و عیلم و زانیاری قسە دەکا.

٥ـ سیاسەت (دابەش کردنی کەڵکەکانی دەسەڵاتە) کە ئەو پێناسەیە پێوەندی بە (ایستونەوەیە) و سەرەتایی ترین مانای سیاسەتە.

لە ئاکامدا نولی بۆ خۆی پێناسەیێك لە سیاسەت دەخاتە روو و دەڵێ: تێکڕای ئەو هەڵسوڕانانەی کە راستەوخۆ و ناراستەخۆ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، قایم و پتەو کردنی هێزی دەوڵەت، و کەڵك وەر گرتن لە هێز و توانای دەوڵەت یەك دەگرنەوە، سیاسەتە. دیارە ئەو پێناسە کردنە لە لایەن نولی تازە نیە و لە راستیدا ئەوە دەر دەخا کە سیاسەت هەوڵدان بۆ وەدەستهێنان، هێشتنەوە، زیاد کردن و نیشان دانی هێز و توانایە. ئەگەر بمانەوێ پێناسەی بەربلاوتر لە سیاسەتمان لە دەستدا بێ، دەتوانین بەو شێوە باسی بکەین: سیاسەت رێبەری ئاشتیخوازانە یا غەیرە ئاشتیخوازانەی پێوەندیەکانی نێوان تاکەکان، رێکخرا و حیزبەکان، کارە حکومەتیەکان لە ناوخۆی وولاتێك و پێوەندی نێوان دەوڵەتێك لە گەڵ دەوڵەتانی دیکە لە جیهاندایە. بە پێی ئەو پێناسەیە دەکرێ لە سیاسەتی یەك کەس، لە سیاسەتی دەستەیێك، لە سیاسەتی حیزب و رێکخراو و حکومەتێك ناو بەرین. لە لایەنی نێونەتەوەییە سیاسەتی دەرەوەیی دەوڵەتیش دیاری بکرێ. سیاسەت قازانجەکانی هەر کام لە هێز و دەستە کۆمەڵاتیەکان کە ناومان بردن لە خۆ دەگرێ. ئەگەر ناکۆکی لە نێوان ئەو هێزانە پەیدا بوو، ئەو قازانجانە رووبەرووی یەك دەبنەوە، و لە روویێکی دیکەوە و ئەگەر یەکیەتی و هاوکاری لە نێوانیان دروست بێ قازانجەکان هاوبەش دەبن. بە ووتەیێکی دیکە، هێزە کۆمەڵایەتیەکان، لە کاتی تێك گیرانی قازانج یا ناکۆکی لە سەر قازانجەکاندا لە گەڵ یەکتر بە کێشە دێن، و ئەگەرشەریك و هاوبەشن بن لەسەر قازانجەکاندا یەکگرتوو دەبن.

شێوەی رێبەرایەتی و رێنوێنی ئەو تێکگیران و هاوکاری و نزیکیانە، سیاسەت دروست دەکا. سیاسەت مەیدانی رووبەروبونەکان و نزیکیەکان لە قازانج و پێوەندیەکانی هێزە کۆمەڵایەتیەکانە.

لەو پێناسەدا ئیشارە بە بەکارهێنانی هێز کراوە. سیاسەت دروست بووی دژایەتی بێ یا هاوکاری، هەر چون بێ، لە هێز و دەسەڵاتەوە سەرچاوەی گرتووە، بەو جیاوازیەی کە لە ناکۆکی، دەسەڵات بە شیوەی ئاشتیانە، لە رێگەی هێز، فشار و تۆندوتیژی، و هاوکاری و رێکەوتن بە شێوەی ئاشتیخوازانە، لە رێگەی هاندان و پاداش کردن و لە شێوەی ئەوان بە کار دەبرێ.

بە پرۆگرام و هەڵسوکەوتی کەسەکان، رێکخراوحیزبەکان، حکومەت و دەوڵەتەکان، بۆ گەیشتن بە مەبەستەکان دەڵێن سیاسەت. ئەو مانا کردنەی سیاسەت، پێوەندی بە گەڵاڵە دانان و بەدوادا چوونە، وەك دیارە هەمیشە لە گەڵ مانا سەرەتاییەکەی هاورێن و لێك جیا نین. سیاسەت دیارترین و حەستەمترین مەیدانی هەڵسوڕانی مرۆڤە لە کۆمەڵگا و بە تۆندی لە ژێر کاریگەری فەرهەنگ، بیرکردنەوەی خەڵك، قازانجەکان و بۆچوونەکانی دەستە و کەسەکان و هۆکاری ئابوری هەر کۆمەڵگایێکەوە بە سەریدا کاریگەری هەیە. لە ژێر تیشکی ئەو پێناسەی سیاسەت دەتوانین، زانستی سیاسی بەو شێوە پێناسە بکەین: زانستی سیاسی ژمارەیێك لە زانیاری کۆمەڵگایە کە ئەرکی ناسینی رێكوپێکی بنەما و بنچینەکانی زاڵ بە سەر پێوەندیە سیاسیەکانی نێوان هێزە کۆمەڵایەتیەکان لە ناوخۆی وولات، و پێوەندی نێوان دەوڵەتەکان لە مەیدانی نێونەتەوەیی دایە. ئەورادەیە لە ئاگاداری و زانیاری کۆمەڵایەتی، کارکردن و بنەما و رێوشوێنەکانی زاڵ بە سەر پێوەندی نێوان هێزە کۆمەڵایەتیەکان و شێوەی پەروەردە و شێوەی کارکردنیان ئاشکرا بکا. زانستی سیاسەت بۆ دۆزینەوەی ئەو بنەما و رێوشوێنە، بە شێوەی گشتی رێکخراوەکان و کردەوەی حکومەتەکان، رێکخراوە سیاسیەکان و دەستە و تاقمەکانی خاوەن کاریگەری، ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان و بیرکردنەوە سیاسیەکان هەڵدەسەنگێنێ. زانستی سیاسی بۆ دۆزینەوەی ئەو بنەماو رێوشوێنانە بە شێوەی گشتی رێکخراو کردەوەی حکومەتەکان و حیزبە سیاسیەکان و دەستە کاریگەرەکان، ناوەندە کۆمەڵایەتیەکان و بیری و مەعریفەی سیاسی هەڵدەسەنگێنێ. لە لایەنی پێوەندی نێودەوڵەتیش، خوێندنەوەی دامەزراوەکان، رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان، سیاسەت و حکومەت لە وولاتانی جۆراوجۆر، دیپلوماسی گشتی، پێوەندی نێودەوڵەتی، مافی نێودەوڵەتی و سیاسەتی دەرەوەی وولاتان لە مەیدانی نێو دەوڵەتی لەئەستۆیە تا ئاگاداری و ناسینی پێویستی لە مەڕ ناوەندەکانی پێوەندیدار لە نێوانیاندا وەدەست بێنن.

***